گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 5, No. 4, pp. 959–972, December.-2017
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 25185128
journals.uoz.edu.krd

# پۆزیتیڤیزم و کۆمەڵناسی لە هەرێمی کوردستان

**مراد حکیم محمد و عبدالسمیع محمد**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان– عێراق.

**تاريخ الاستلام:** 2017/05 **تاريخ القبول:** 2017/08 **تاريخ النشر:** 2017/12 https://doi.org/10.26436/2017.5.4.489

**پوختە:**

ئەم توێژینەویە لەهەوڵی خستنەڕووی ئاراستەی زاڵە لە کۆمەڵناسی لە هەرێمی کورستاندا، کە بەپێی گریمانەی سەرەتایی ئاراستەی پۆزیتیڤیزمە. ئەم توێژینەوەیە بەمەبەستی تاقیکردنەوەی ئەو گریمانەیە لەو نامانەی ماستەر و دکتۆرایانە دەکۆڵێتەوە کە لە هەردوو بەشی کۆمەڵناسی زانکۆکانی سەلاحەدین و سلێمانی لەماوەی دوو دەیەی رابردوو ئەنجامدراون. لە ئەنجامدا دەرکەوت ئەوەی کە زاڵە توێژینەوە رووپێویە چەندایەتییەکانن، کە زمانی ژمارە لە شیکردنەوەکان بەکارهاتووە، کە ئەویش دەچێتە ناو چوارچێوەی ئاراستەی پۆزیتیڤیزم. جگە لەوە ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆربەی هەرە زۆری توێژینەوەکان چوارچێوەیەکی تیۆریان نییە ئەوانەش کە هەیانە چوارچێوە تیۆرییەکە روون نییە و لە چەند توێژینەوەیەکدا ئاماژەیان بەوە داوە خۆیان بە تیۆرێکی دیاریکراوەوە بەستووە کە ئەویش تیۆری وەزیفی –بونیادگەرییە، بەڵام هیچ بەکارهێنانێکی راستەقینەی ئەو تیۆرانە لە رووی میتۆدلۆجیەوە بەدیناکرێت، هەروەها تیشك خراوەتە سەر ئەوەی کەوا تا چەندە پێداویستییەکانی میتۆدی چەندایەتی کە پەیوەستە بە پۆزیتیڤیزمەوە رەچاوکراون، بەڵام هەنگاوە زانستیەکانی پۆزیتیڤیزم وەکو پارادایم لەو توێژینەوانەدا بەدیناکرێن. لە ئەنجامدا دەردەکەوێت کە کۆمەڵناسی لە هەرێمی کوردستان هێشتا قۆناغی سەرەتایی زانستبوونی خۆی بەجێ نەهێشتووە.

**پەیڤێن سەرەکی:** میتۆدۆلۆجیا، پۆزیتیڤیزم، پارادایم، کۆمەڵناسی.

## 1. دەروازە

مێژووی چەمکی پۆزیتیڤیزم لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی خودی ئەم زانستانە، بۆیە بەجۆرێك هەموو گفتوگۆیەکان لەسەرەتادا دەربارەی پۆزیتیڤیزم هەمان ئەو گفتوگۆیانە بوو لە ئارادابوو لەسەر ئەرگیومێنتی سەرهەڵدانی زانستە مرۆییەکان و بەکارخستنی لۆژیك و میتۆدی زانستە سروشتیەکان بۆ دروست بوونی زانستە مرۆییەکان لە سەر بنەمای یەکێتی و یەکبوونی نێوان زانستەکان لە رووی بابەت و میتۆدەوە (1). گریمانەی سەرەکی میتۆدۆلۆجی دەربارەی پێوەر و هەنگاوەکانی بونیادنان و تاقیکردنەوەی تیۆر لە هەموو زانستەکان پەیوەستە بە ئایدیای یەکێتی و یەکبوونی زانستی نێوان زانستە جیاوازەکان (The unity of science) کە لە پۆزیتیڤیزمەوە سەرچاوەی گرتەوە. کەسانی وەك سان سیمۆن، کونت و ستیوارت میل لەو زانایانە بوون کە پێیانوابوو ئایدیالی هەر جۆرە زانستێك، زانستی سروشتییە. سان سیمۆن پێیوابوو کە دەبێ زانستە مرۆییەکان لە شێوەی زانستە سروشتییەکاندا دەرکەون. بەلای کونتەوە هاوبەستەیی نێوان زانستەکان ئاماژەیە بۆ هاوبەستەیی نێوان دیاردە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان (2). بەلای پۆزیتیڤیستەکانەوە تەنیا یەك ئاراستەی لۆجیکی زانستی هەیە، ئەویش لۆجیکی زانستە سروشتییەکانە (3) ئەم ئاراستەیە لە ناو کۆمەڵناساندا بەهێز بوو تا ئەو رادەیەی کە کۆمەڵناسێکی وەك والتەر والاس پێیوایە کۆمەڵناسی یەکێکە لە زانستە سروشتییەکان، بەڵام گەشە بە تیۆرێك نادات کە هەموان لەسەری کوك بن(4). پۆزیتیڤیزم مۆدێلێکە لەپرۆسەی توێژینەوە کە مامەڵە دەکات لە گەڵ واقعی هەبوو بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بابەتی لە کردارەکانی بەشداربووان و توێژەران، ئامانجی پۆزیتیڤیزم لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بریتیە لەبەرهەمهێنایی زانیاریەك کە راست و پشت پێبەستراو بێت بەپێی بنەما و پێوەرەی زانستە سروشتیەکان(5)لە ئێستاشدا ئەم چەمکە بە هاوواتای توێژینەوە چەندایەتیەکانی وەکو رووپێوی و ئەزمەنگەرایی بەکاردێت لە ئەدەبیاتی میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا (6).

بابەتەکانی پەیوەست بە فەلسەفەی تویژینەوەی زانستی قسەکردنە لەسەر ئەو هەلومەرجە پێشوەختانەی کە تیایدا زانستەکان روایەتی بابەت و میتۆدی خۆیان وەردەگرن. لە کوردستاندا بە حوکمی هەل و مەرجە بابەتی و خودیەکان زانست بە رێرەوی گەشەی سروشتی خۆی نەڕۆشتوە، بە تایبەتیش زانستە سروشتیەکان زۆرترین مۆرکی ئەو هەلومەرجەی تێدا دەردەکەوێت کە کاری تێدا دەکات. لەبەر ئەوەی زەرورەتێکی کۆمەڵایەتی واینەکردوە کە بیر لە بەکارهێنانی زانستە

كۆمەڵایەتیەكان بكرێنەوە وەكو ئامرازێكی مەعریفی بۆ تێگەیشت لە رووداوەكان و چارەسەركردنی گرفتەكان، بۆیە ئەو زانستانە لە ناویشیاندا كۆمەڵناسی لە پەراوێزدا ماونەتەوە و كاری فراوان و بەرهەمداریان لەسەر نەكراوە. ئەم هۆكارانە وایانكردوە كە ئەگەرچی لە رووی بابەتەوە لە چوارچێوەیەكی سنورداری وەكو زانكۆكاندا ئەم زانستانە بوونیان هەبووە، بەڵام خواستێ پێویست بۆ پەرەپێدانی ئەم زانستانە لە رووی مەنهەج و میتۆدە نەبووە. لێرەوە ئەم توێژینەویە گرنگی خۆی لەو پشت گوێخستنەوە وەردەگرێت كە لە توێژینەوە كۆمەڵناسیەكاندا بەرامبەر بە میتۆدۆلۆجی كراوە، بە چەشنێك توێژەرانی ئەم توێژینەوە هیچ توێژینەویەكی پێشوتریان دەسنەكەوت كە لەسەر هەڵسەنگاندنی لایەنە جیاوازەكانی متۆدۆلۆجی ئەو توێژینەوانە كرابێت كە لە بواری كۆمەڵناسی ئەنجامدراون.

ئەوەی بەهای زانستی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات ئەوەیە كە وەكو هەنگاوێكی سەرەتایی سەیر بكرێت بۆ توێژینەوەی رەخنەیی میتۆدۆلۆجی توێژینەوەكانمان لە پێناو باشتركردنی ئاستی زانستی توێژینەوەكان لە ئەنجامدا پێشكەوتنی زانستی كۆمەڵناسیشی لێدەكەوێتەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ساغكردنەوەی ئەو بانگەشەیەی كە ئەم توێژینەوەیەی لەسەر بونیاد نراوە، ئەویش ئەوەیە كە پۆزیتیڤیزم رواڵەتێكی زاڵ و باڵادەستی توێژینەوە كۆمەڵناسیەكانە لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان. ئێمە لە پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی پێشوو زیاتر باسی پۆزیتیڤیزم وەكو پارادایم و كاركردە عەمەلیەكانی لە توێژینەوە ئەكەین، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئێمە لە بۆچوونی خۆمانەوە لە بەكارهێنانی وشەی پۆزیتیڤیزم هیچ دەلالەتێكی نێگەتیڤ ناخەینە روو، دوای ئەوەی تایبەتمەندیەكانی پۆزیتیڤیزمان دیاریكرد بەراوردی دەكەین بە ئاستی ئامادەیی ئەم تایبەتمەندیان لە توێژینەوەكاندا. ئامانجێكی تری ئەم توێژینەوەی شیكردنەوەی رەخنەیی ئەم توێژینەوانەیە لە لایەكەوە تا چەند پەیرەوكردنی بنەما پۆزیتیڤیزمیەكان لەم توێژینەوانە بە شێوەیەكی تەواو ئەنجامدراوە، لە لایەكی تریشەوە هەوڵدان بۆ خستنەرووی ئەو كەموكوریانەی لە دەرئەنجامی گرنگیدانی زۆربە پۆزیتیڤیزم دێنە كایەوە كە كار لەسەر پێشكەوتنی خودی زانستەكەش دەكات و نابێتە هۆی پەرەسەندنی مۆدێل و میتۆدی زانستی جیاواز.

## 2. پۆزیتیڤیزم وەك پارادایم

پۆزیتیڤیزم بە كۆنترین و فراوانترین ئاراستەی زانستی و میتۆدۆلۆجی لە زانستە مرۆییەكان ناسراوە، هەندێكجار پۆزیتیڤیزم یەكسان دەكرێت بە خودی زانست. هەروەها پارادایمی باڵادەستیشە لە ناو فەلسەفەی توێژینەوەی كۆمەڵایەتیدا. پارادایم بە مانای چوارچێوە گشتیەكانی رێكخستنی تیۆر و توێژینەوە، كە گریمانە سەرەتاییەكان، كێشە بنچینەییەكان، مۆدێلەكانی توێژینەوە و میتۆدەكانی بەدەستهێنانی وەڵام دەگرێتەوە(7). پارادایم بەو مانایەی كە تۆماس كۆن لە كتێبە بەناو بانگەكەیدا بونیادی شۆڕشە زانستیەكان دا بەكاریهێناوە، بە بۆچوونی كۆن مێژووی زانستەكان بریتییە لە مێژووی ئەو شۆڕشانەی كە تێیدا پارادایمێكی زانستی سەرهەڵدەدات و پاشان تووشی قەیران دێت لە كۆتایشدا لە لایەن پارادیمێكی ركابەرەوە جێگای دەگیرێتەوە(8) پۆزیتیڤیزم وەكو یەكێك لە پارادایمەكان سەیردەكرێت لە پاڵ پارادایمەكانی تری وەكو راڤەگەرایی و بونیادگەرایی و هێرمۆنتیكا و فیمینیزم كە لە توێژینەوەی كۆمەڵایەتیدا هەن.

دیارە هیچ رێكەوتن و تێگەیشتنێكی هاوبەش لە نێوان میتۆدۆلۆجیستەكان و بیرمەندانی كایەی زانستە مرۆیی و كۆمەڵایەتییەكاندا نییە لە بارەی پۆلینی پارادایمەكان. هەروەها ئەگەری بوونی پۆلینكردنێك كە سنووربەزاندن و بەنێویەكداچوونی تێدا نەبێت و هەریەكەو خاوەنی قەڵەمڕەوی تایبەت بەخۆی بێت، نییە. سارانتاكوس سێ پارادایمی گشتی لە یەكتر جیادەكاتەوە: یەكەم، پۆزیتیڤیزم، كە پۆزیتیڤیزم، پۆست پۆزیتیڤیزم، پۆزیڤیتیزمی لۆجیكی و پۆزیڤیتیزمی میتودولوجی دەگرێتەوە" دووەم، پارادایمی شرۆڤەیی (تفسیری) كە كارلێكی سیمبۆلی، دیاردەناسی، ئیتنۆمیتۆدۆلۆجی، هێرمۆنۆتیك، دەروونشیكاری، ئیتنوگرافی و زماننانسیی كۆمەڵایەتی دەگرێتەوە" سێیەم، پارادایمی رەخنەیی كە ماركسیزم، ماركسیزمی نوێ، قوتابخانەی ململانێ و فیمینیزم دەگرێتەوە. نیومان سەرەڕای سێ پارادایمی سەرەوە، دوو پارادایمی پۆست مۆدێرنیزم و فیمینیزم وەك دوو پارادایمی سەربەخۆ دەناسێنێت(9). كریسوێل لە كتێبەكەیدا (دیزاینی توێژینەوە، میتۆدەكانی چۆنایەتی، چەندایەتی و تێكەڵ) چوار پارادایم بۆ توێژینەوە زانستییەكان دەستنیشان دەكات، بەم شێوەیە: پۆست پۆزیتیڤیزم، بونیادگەرایی، بەشدارییانە و پراگماتیزم(10).

جۆی هیگس ئاماژە بە سێ پارادایمی پۆزیتیڤیزم، ئایدیالیزم و ریالیزم دەكات وەك سێ پارادایمی گەورە (ماكرۆ)ی كایەی زانستە مرۆیی و كۆمەڵایەتییەكان(11). هەروەها گوبا و لینكۆڵن لە ١٩٩٤ ئاماژەیان بە چوار پارادایم كرد كە بریتین لە پۆزیتیڤیزم، تیۆری رەخنەیی، بونیادگەرایی و ریالیزم(12)

بە كورتییەكەی پۆزیتیڤیزم وەك پارادایمێك لە ناو زانستە كۆمەڵایەتییەكاندا جێیگرتووە، كە سەرەڕای سەرهەڵدانی پارادایمی دیكەو رەخنە و هێرشی توند لەسەری تا ئێستاش یەكێكە لە پارادایمەكان و دەشێ بڵێین لە هەندێ لە زانكۆیەكاندا پارادایمی سەردەستە.

گریمانەی پارادایمی پۆزیتیڤیزم پێیوایە كە جیهانی كۆمەڵایەتی بە شێوەیەكی بنەڕەتی ناسراوە و هەموومان دەتوانین كوك بین لەسەر سروشتی واقعی كۆمەڵایەتی. كەواتە جیهانی كۆمەڵایەتی سیستەمێكی هەیە كە بە هۆیەوە زانا كۆمەڵایەتییەكان دەتوانن دەركی بكەن. زانست بەهۆی میتۆدی قیاسییەوە بەرهەم دێت. یەكەمجار ئەنجام و دۆزراوەكان رێگایەكن بۆ جێبەجێكردن و پاشان تیۆرەكان تاقیدەكرێنەوە. راڤەو شرۆڤەی ئەنجامە عەقڵانیەكان كاتێك دروستە كەوا لەڕووی لۆجیكیەوە رەتنەكرێنەوە و لەگەڵ سەرنجدان و بەڵگە ئەزموونییەكان بگونجێن(13).

نەریتی پۆزیتیڤیزم دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسۆفانی وەك فرانسیس بیكۆن، هیوم، سان سیمۆن، ئوگست كونت و جۆن ستیوارت میل. ئوگست كونت زاراوەی (Le positif) بەكارهێنا بۆ ئەوەی كە واقعی و كردەییەو بەدەرە لە مانای شەرعی خوایی. پۆزەتیڤ بەم مانایە هاوواتای راستی و ئەزموونییە كە دەكەوێتە بەرامبەر تێڕامانی، ئەندێشەیی و خەیاڵپلاوی(14). فەیلەسوفی فەرەنسی (كونت) كە دامەزرێنەی زانستی كۆمەڵناسیە هەوڵیدا عەقڵانیەت و ئەزمونگەری لە ژێر ناوی پۆزیتیڤیزم تێكەڵ بكات و وەكو میتۆدێك بۆ زانستە كۆمەڵایەتیەكان دابڕێژێت. كۆنت ئەوەی خستەرووكە تیۆر و تێبینی كردن لە ناو یەك بازنەدان و پشت بە یەك دەبەستن، لە كاتێكدا تیۆر لە رێگای بەڵگە و ئیستدلالی عەقلیەوە دێتەكایەوە، ئەو كاتە دەبێت بە تیۆرێكی جێگای بایەخ كە بەهۆی تێبینیكردنەوە بسەلمێت. ئەم جەختكرنەوەیەش لە سەلماندن، سەرەتای جیاكردنەوەی زانستی مۆدێرن بوو لە فەلسەفە و میتافیزیك، هەروەها سەرەتای گەشەی میتۆدی زانستی بوو وەكو ئامرازێكی سەرەكی بۆ ساغكردنەوەی بانگەشە زانستیەكان(15). دەتوانرێت كاریگەری كۆنت لەسەر پۆزیتیڤیزم لەو پێداگرییەی بەدیبكرێت كە دەڵێ دەكرێت توێژینەوە لەسەر واقعی كۆمەڵایەتی بەشێوەیەكی سەربەخۆ و دوور لە كاریگەری بەها كەسیەكان و بابەتی بێت، هەرچەندە خۆی بە ئاشكرا ئەو گومانەی پیشانداوە كە بتوانێت ئەم بنەمایە لە كارەكانی خۆی جێبەجێبكات(16).

دیارترین كۆمەڵناسی كلاسیك كە دەستەواژەی پۆزەتیڤیستی بۆ بەكاردەهێنرێت ئەمیل دۆركاییمە، هەرچەندە ناتوانرێت بە ئاسانی بۆچوونەكانی پۆلێن بكرێت. دۆركایم بە پێشەنگی بەكارهێنانی ئەو پارادایم و میتۆدە دادەنرێت كە بە پۆزیتیڤیزم ناسراوە. بۆ نموونە لە توێژینەوەی خۆكوژیدا میتۆدی ئەزموونی– رووپێوی– بەراوركاری بەكارهێنا، بەشێوەی ئەزموونی و تێبینی داتا و بەڵگەكانی كۆكردەوە و بە بەكارهێنانی ئامرازی ئاماری پەیوەندی نێوان گۆڕاوەكانی دۆزیەوە. ئەوەی بۆ دۆركایم گرنگ بوو سەلماندنی بابەتی توێژینەوەی كۆمەڵناسی بوو كە بریتیە لە واقعی كۆمەڵایەتی پاشان شێوازی توێژینەوە لەو بابەتە كە هەمان میتۆدی زانستە سروشتیەكانە(17). بیروبۆچوونەكانی كونت گەشەیان پێدرا سەرەتا لەلایەن ئەمیل دوركایمەوە لە گەشەدانی بە پۆزیتیڤیزمی كۆمەڵایەتی (پۆزیتیڤیزم وەكو بنچینەیەك بۆ توێژینەوەی كۆمەڵایەتی) هەروەها لودڤیك ڤێتگنشتاین و هاوئەلقەكانی لە پۆزیتیڤیزمی لۆجیكیدا(18). دوركایم قوتابییەكی وەفاداری كونت بوو. ئەو كاری خۆی لەو شوێنەوە دەستپێكرد كە مامۆستایەكەی كۆتایی پێهێنابوو. ئەو بە داڕشتنی بنەماكانی تیۆری پۆزیتیڤیزم بەشێوەیەكی پراكتیكی دەستیكرد بە نەخشەسازی پەروەردەیەكی گشتگیر. ئەو پێیوابوو دەبێت كۆمەڵناسی لە فەسەفە جیابێت و سەربەخۆ بێت. ئەو سێ خەسڵەت بە میتۆدەكەی دەدات كە ئەوانیش: یەكەم، ئەم میتۆدە لە هەموو جۆرە فەلسەفەیەك ئازاد بێت" دووەم، میتۆدەكە میتۆدێكی بابەتیە" سێیەم، ئەو تایبەتمەندییە پەیوەستە بە كۆمەڵناسییەوە. ئەو لێرەدا كۆمەڵناسی بە زانست ناودەبات و هەموو ئەو بەربەستانەی رێگرن لەسەر بوونی كۆمەڵناسی بە زانست رەتدەكاتەوە(19). لێرەدا دوركایم رلستی دەكرد، كۆمەڵناسی ببوو بە زانست، بەوەی ببووە خاوەنی میتۆدۆلۆجیایەكی تایبەت بەخۆی. لە بارەی پەیوەندی نێوان زانست و میتۆدۆلۆجیا فرانكورت و نیچمیاز پێیانوایە چەمكی زانست پەیوەست نییە بە سیستەمی مەعریفیەوە بەڵكو پەیوەستە بە میتۆدۆلۆجیایەكی دیاریكراوەوە. بەلای وانەوە زانست ئەو مەعریفەیەیە كە بە هۆی میتۆدۆلۆجیای زانستی پێی دەگەین(20) هەروەها سەبارەت بە بابەتیبوون كە دوركایم بانگەشەی بۆ دەكرد لەوەدا دەردەكەوێت كە دوركایم دیاردە كۆمەڵایەتییەكان وەكو شت لەقەڵەم دەدات كە لە دەرەوەی خودەوەن. دەڵێت: دیاردە كۆمەڵایەتییەكان شتن و وەكو شت دەبێت لێیان بكۆڵینەوە(21).

لە نەریتی پۆزیتیڤیزمدا ئامانجی توێژینەوە بریتیە لە روونكردنەوەی هۆیەكی (Causal explanation) پاڵپشت بە گریمانەی پەیوەندی هۆكار–ئەنجامی نێوان گۆڕاوەكان. مەبەستی توێژەر شیكردنەوەیەكە كە بونیادی و سەربەخۆ بێت لەو كۆنتێكستەی كە تێیدایەتی، هەروەها بتوانێت گشتاندن بۆ ئەنجامەكان بكات و یاسا گشتیەكانی رەفتاربدۆزێتەوە. پۆزیتیڤیزم لە بەرگە زۆرنەریتیەكەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە توێژەر پێویستە لە توێژینەوەدا میتۆدی ئیستقرایی– گریمانە (Hypothetic- deductive) بەكاربهێنێ كە دەستپێبكات بە خستنەڕووی گریمانە. ئەو كاتەش گریمانەكان پشتراست دەكرێنەوە كە بەهۆی بەڵگەی واقعی بەرجەستەوە تاقیبكرێنەوە. توێژینەوەی واقعی كۆمەڵایەتی بەهۆی ئەم میتۆدەوە بەكارهێنانی چوارچێوەی چەمكی، تەكنیكی تێبینی و پێوانەكردن، ئامرازە ئاماریەكانی شیكردنەوە و پرۆسەی ئەنجامگیری لەخۆدەگرێت. بە بۆچوونی دۆركایم لە كاتێكدا یاسا هۆكارییەكان لە هەندێك بوار لە زانستە سروشتیەكان سەلمێنراون و شەپۆلی

باڵادەستی ئەم یاسایانە لە فیزیا و کیمیاوە بۆ بایۆلۆجیا هاتووە، لە بایۆلۆجیاشەوە پەریوەتەوە بۆ دەروونناسی، ئێستا پێویستە یاساو و گرەنتی راستی یاسای هۆکاری بۆ جیهانی کۆمەڵایەتیش بخەینەروو(22).

لە ئاسۆی مەعریفەی پۆزیتیڤیزمدا ژیانی کۆمەڵایەتی وەکو ژیانی سروشتی یاسای هەیە ودەشێ ئەزموونیانە لێی بکۆڵینەوە. ئامانجگەرانە بەدوای بنەمای گشتی رەفتاری کۆمەڵایەتی وئەندازیاری کۆمەڵایەتی. لە میانەی کەشفکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەتوانین دەستبکەین بە پلاندانانی کۆمەڵایەتی، بە سیستەمکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی، رێکخستنی رەفتاری تاکەکان و کۆنترۆڵ و پێشبینی رووداوە کۆمەڵایەتییەکان لە ژێر رۆشنایی مەعریفەی زانستی(23).

### 3. مۆدێلەکانی پۆزیتیڤیزم

مۆدێلە فەلسەفی و سۆسیۆلۆجییەکانی پۆزیتیڤیزم بە درێژایی کات گۆرانی بەسەردا هاتووە بە رادەیەك مانایەکی دیاریکراو لەبەردەستدا نییە تا بزانین مانای پۆزیتیڤیزم چیە. بەڵام لە هەوڵە تیۆرییەکان دەتوانین ئەوە بەدیبکەین کە لە لایەکەوە پوزەتیڤیزم ئاماژەیە بۆ ئامرازێکی میتۆدی کە هەریەك لە دۆزینەوەی پەیوندیە ئەزمونیەکان و پێوانەکردن و شیکردنەوەی ئاماری لەخۆدەگرێت، لە رووی تیۆریشەوە دۆزینەوەی یاسا جێگیرەکان بۆ روونکردنەوە و پێشبینی کردنی دیاردەکان لەخۆ دەگرێت(24). هەڵبژاردنی میتۆد لە پارادایمی پۆزیتیڤیزم لەسەر بنەمای پێوانەکردنی ورد و کۆنترۆڵکردن دەبێت، مۆدێلی ئیستیقرائی بیناکراوە لەسەر تاقیکیردنەوەی گریمانەی پێشتر دانراو بەشێوەی ئەزموونی یان رووپێوی یان پەیوەندی نێوان گۆراوەکان، کە ئەمانە جۆرە باوەکانی توێژینەوەن بەم پارادایمە. تەکنیکە ئاڵۆزەکانی نموونە وەرگرتن و ئاماربەکاردێن بۆ دڵنیایی لە راستگۆیی و جێگیری و پاشان گشتاندنی توێژینەوکە(25).

پۆزیتیڤیزم لە مێژووی خۆیدا لە ژێر ناوونیشانی جیاواز دەرکەوتووە. کاریگەرترین و روونترین مۆدێلی پۆزیتیڤیزم ئەوە بوو کە لە لایەن گروپێکەوە پێشنیارکرا و بە پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی ناسرا کە قوتابخانەیەکی فەلسەفی بوو لە کۆتایی دەیەی بیستی سەدەی بیست بە رێبەرایەتی شلیك و کارنەپ لە ڤیەننا دامەزرا. ئەم فەیلەسوفانە لەگەڵ هاوئەلقەکانیان دەیانویست فەلسەفەیەکی پۆزەتیڤیستی ببەخشن بە زانست، ئەویش بە فۆرم و سیستەمێك کە خزمەت بە باڵادەستی ئەم تێروانینەی کرد لە تێکرایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی وەکو فۆرمەکانی تری پێش خۆی میتافیزیکی رەتکردەوە و لەگەڵیشیدا دوو پێوەری گرنگی وەکو بنەما بۆ زانست ناساند" یەکەم شرۆڤەکردن (analytic)، وەکو ماتماتیك و لۆجیك" دووەم: سەنتێز (Synthetic)ی سەلمێنراو بەهۆی تێبینیکردنی ئەزموونی. بەم پێیە، هەر گوزارشتێك یەکێك لەم دوو بنەمایەی تێدا نەبوو خالیە لە بەهای زانستی(26). هەروەها پۆزیتیڤیزمی لوجیکی مەعریفە تەنیا لە مەعریفەی زانستیدا کورت دەکاتەوە(27).

هەرچەندە پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی پێشکەوتنێکی بەرچاوبوو بە بەراورد بە پۆزیتیڤیزمی سەرەتایی بە تایبەتی لە رووی گرنگی ناساندنی لایەنی تیۆری و ئەبستراك لە میتۆدی زانستیدا، بەڵام ئەم ناساندنە ئەوناڕوونیەی لە ناونەبرد کە لە کاتێکدا دان بە بوونی واقعی نەبینراو دەنێت، بەڵام پشتراستکردنەوەی هەموو راگەیانراوێکی تیۆری تەنها بە پرۆسەی ئەزموونی دەبێت ئەنجام بدرێت. پەیوەست بە بنەمای یەکبوونی میتۆدی و زانستی، پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەگەر سروشتی بابەتی توێژینەوەکان لێك جودا بن، بەڵێم لە شیکردنەوەی زانستیدا هەموو زانستەکان پەیرەوی لە هەمان لۆجیك و یاسای استدلالی دەکات. پەیوەندی نێوان چەمکی تیۆری و زمانی ئەزموونی یەکێکە لەو بابەتانەی کە وەکو بابەتێکی گفتوگۆئامێز لەناو هەموو مۆدێلەکانی پۆزەتڤیزمدا ماوەتەوە، هەرچەندە کارنەپ (Carnap) یەکێکە لەبەشداربوونی بازنەی ڤیەننا کە سەر بە پۆزیتیڤیزمی لۆجیکین باسی رۆڵی چەمکی تیۆری کردووە و ئاماژەی بە گرنگی چەمکی تیۆری لە پێشکەوتنی مەعریفەی زانستی دا کردووە، هەرەها باسی لە جیاوازیی نێوان چەمکی تیۆری و زمانی تێبینیکردنی کردووە لەجیاتی تەرکیز خستنە سەر پرەنسیپی پشتراستکردنەوە باسی لە پەیوەندی نێوانیان کردووە(28).

بلومبێرگ و هێربەرت فایگل ١٩٣١ ناویان لە بیروبۆچوونەکانی ئەلقەی ڤییەنا نا پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی(29). هەموو فەیلەسوفانی ئەلقەی ڤییەنا بە بەردەوامی ئەوەیان رەتدەکردەوە کە بە پۆزیتیڤیست وەسف بکرێن بۆ ئەوەی بزاڤی ئەوان لەگەڵ پۆزیتیڤیزمی کونت تێکەڵ نەکرێت، چونکە ئەوان وەکو جۆرێك لە میتافیزیك یان ئایین تەماشای پۆزیتیڤیزمی کونتیان دەکرد. شلیك (کە زۆرجار ئەلقەی ڤییەنا بە ئەلقەی شلیك ناودەبرێت) رایگەیاند کە دەتوانێت ناوی پۆزیتیڤیزم پەسەند بکات بەو مەرجەی بە هاوواتای رەتکردنەوەی هەموو میتافیزیك دابندرێت(30) قوتابخانەی پۆزیتیڤیزمی نوێ پێیوابوو کەوا زانستە کۆمەڵایەتییەکان هیچ رێگایەکیان نییە جگە لەوەی زوو یا درەنگ درێژەپێدەری رێگای فیزیا و ماتماتیك بن(31).

لە نیوەی دووەمی سەدی بیستەمەوە ئاراستەیەکی نوێ وەکو پەرەسەندنێك لە پارادایمی پۆزیتیڤیزم هاتە ئاراوە کە بە پۆست پۆزیتیڤیزم یان پۆزیتیڤیزمی نوێ ناوبرا. پارادایمی پۆزیتیڤیزم جارێکی دیکە لەلایەن پۆزەتیڤیستە نوێیەکانەوە زیندوو کرایەوە. ئای. ئۆ. ویلسۆن کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بایۆلۆجیای

کۆمەڵایەتی دەتوانین بە گرنگترین نوێنەری پۆزیتیڤیزمی نوێ لەقەڵەم بدەین. پۆزیتیڤیستە نوێیەکان بەدوای ئەو یاسا و بنەمایانەوەبوون کە قابیلی تاقیکردنەوەن لەسەر بنچینەی یاسا سروشتییەکان (فیزیاوە)ەوە. لەسەر ئەم بنەمایە ویلسۆن پێیوایە کە یاسا گشتییە سروشتییەکان بوونیان هەیە، کە دەکرێ ببنە بناغە بۆ هەموو یاساکان و هەروەها هەموو زانستە جیاوازەکان. ویلسۆن هەوڵیدا زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنچینەی واقیعی فیزیکی، بایۆلۆجی مرۆیی و دەروونناسی بینا بکات(32). لەگەڵ جەختکرنەوەیان لەسەر بوونی واقعی کۆمەڵایەتی دەرەکی، پۆست پۆزیتیڤیزم بە بۆچوون و گریمانەی سنوردارێی توێژینەوە مرۆییەکان کاردەکەن، رێکخستنی ناوەکی و سروشتی جیهانی کۆمەڵایەتی بە هیچ جۆرێك ناتوانرێت بە تەواوی دەرك بکرێت، ئەو هەوڵەشی دەدرێت تەنها بۆ زیاتر کردنی ئاستی تێگەیشتنە تارادەی مومکین. هەروەها لەم پارادایمە نوییەدا توێژەر تەنها ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیارییە و بەهۆی تەکنیکی شیکردنەوەوە دەگات بە ئەنجامە بابەتیەکان. هەروەها میتۆدە کوالیتەیتیڤیەکان بەکاردێن وەکو تەکنیکێکی ورد بۆ باشترکردنی ئاستی راستگۆیی و دڵنیایی پێوەرەکانی توێژینەوە(33). لە زۆر لە دەقەکانی تایبەت بە فەلسەفەی زانست فەلسەفەی تۆماس کۆن بە دەسپێکی سەردەمی پۆست پۆزیڤیتیزم ناسێندراوە(34).

مۆدیلێکی دیکەی پۆزیتیڤیزمی سەدەی بیست، پۆزیتیڤیزمی ئامرازیە کە لە ئەمریکا نەشونومای کرد. لە دیارترین بیرمەندانی ئەم لقە دەکرێ ناوی پۆل لازارسفێل و هێربەرت بلیلاك ببەین، جەختکردنەوەی ئەم مۆدیلە لەسەر ئامرازەکانی توێژینەوەی زانستییە. واتە ئەوان لەو باوەڕەدان کە توێژینەوە دەبێت پرسیارگەلێك بخاتەڕوو کە بە ئامرازەکانی وەك پرسیارنامەو و سەرنجدان قابیلی تاقیکردنەوەبن. لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم مۆدیلە (پۆزیتیڤیزمی ئاماری) دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانە بکەین: یەکەم، پێویستە دیقەتی تەکنیکە ئامارییەکان و ئامرازەکانی دیکەی توێژینەوە زیادبکەین" دووەم تاکایەتی میتۆدۆلۆجی باشترین میتۆدی ناسینە" سێیەم، ئەنجامەکانی توێژینەوە پێویستە ئیستیقرائی، هەروەها توانای راستگۆیی و کەلەکەبوونیان هەبێت" چوارەم، پێویستە بێلایەنی بەهایی رەچاو بکرێت" پێنجەم و کۆتایی، پێویستە توێژینەوە گروپییەکان رەواجیان پێ بدرێت(35).

## 4. رەخنە لە پۆزیتیڤیزم

بە سەرنجدان لە نەریتی ئەکتیڤ و بەهێزی کۆمەڵناسی لە ئەڵمانیا، پۆزیتیڤیزم لەوێ کە نەریتی مێژوویی– فەلسەفی کانتی– هیگلی باڵادەست بوو پێشوازییەکی ئەوتوی لێ نەکرا. هەرچەندە لە ئەڵمانیاش بیرمەندی پۆزیتیڤیستی بوونیان هەبووە، هەروەکو هێربەرت مارکوزێ کە وەك نوێنەری پۆزیتیڤیزمی ئەڵمانی باسی ئیشتاڵ دەکات(36). لە سەرەتای سەدەی بیست ناکوکی بیروڕا لە بارەی میتۆدەکانی توێژینەوە لە نێوان کۆمەڵناسانی ئەڵمانیادا دروست بوو. لایەنە ناکوکەکان، لە لایەکەوە پێڕەوانی پۆزیتیڤیزمی کونت و لایەنەکەی دیکە نوێنەرانی مێژووگەرایی بوون کە بە زاراوەی خۆیان بەرگریان لە پێگەی زانستە مرۆییەکان دەکرد. مێژووگەراکان بە پێچەوانەی پۆزیتیڤیستەکان، لەوباوەڕەدابوون کە بابەتی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان بە شێوەیەکی تەواو و بنەڕەتی لە زانستە سروشتییەکان جیاوزە و ئەو زانستانە پێویستیان بەباسە میتودۆلۆجییەکانی تایبەت بە خویانن(37). ئەو مشتومڕە دورو درێژوو ئاڵۆزەی کە لە ئەڵمانیا سەریهەڵدا لەبارەی بارودۆخی زانستە مرۆییەکان تارادەیەکی زۆر بە نووستویی یان دەستلێنەدراوی لە مێژووی فەرەنسا و فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەیدا مایەوە(38). بیرمەندانی ئەڵمانی هەر لە سەردەمی ویلهێلم دێلتایەوە هەوڵیاندا بەجۆرێك لە جۆرەکان رەخنە لە بیرۆکە پۆزیتیڤیستیەکان لە زانستە مرۆییەکان و بە تایبەتیش لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بگرن(39). گیۆرك زیمل کۆمەڵناسیی خۆی لەگەڵ هزری مێژووگەرایی دەستپێکرد. هەروەها مێژووگەرایی پشکێکی گەورەی لە ناو بەرهەمەکانی ماکس ڤێبەردا هەیە. بۆیە، کە هەم زیمل و هەمیش ڤێبەر دوو کاراکتەری گرنگن لە سەرهەڵدانی کۆمەڵناسیی ئەڵمانیدا، ئاساییە پۆزیتیڤیزم ئەو نەریتە بەهێزە نەبێت لە کۆمەڵناسیی ئەڵمانیدا. هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە کۆمەڵناسیی ئەڵمانی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دەسپێکردنیدا کاریگەر نەبوو بە سەردەمی رۆشنگەری، بیروبۆچوونە ئەڵمانییەکان لایەنێکی ناوچەیی هەبوو لە کاتێکدا بۆچوونە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکانی فەرەنسا و ئینگلتەرا لە سەردەمی رۆشنگەریدا توخمگەلێکی هاوبەش لە بیروڕا بورژوازییەکانیان لە خۆگرتبوو(40).

ئەم نەریتەی رەخنە لە پۆزیتیڤیزم لە ئەڵمانیا لەگەڵ سەرهەڵدانی قوتابخانەی فرانکفورت بەگوڕتر بوو. بەتایبەت کە ئەوکات پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی یەکێك بوو لە فەلسەفە کاریگەرەکان. رەخنەکانی ئەم قوتابخانەیە لە دەیەی سییەکانی سەدەی بیست لەسەر دەستی ماکس هۆرکهایمەر دەستیان پێکردو بەردەوام بوون تاکو کۆتایی شەستەکان. ئەگەر رەخنەکانی هابرماسیش کە وەك میراتگری ئەو قوتابخانەیە دەناسێنرێت بخەینە سەری، ئەوا دەبێت بڵێین کە رەخنەکانی ئەو قوتابخانەیە لە پۆزیتیڤیزم کاتێکی زۆرتریان خایەندووە.

ماکس هورکهایمەر لە وتارێکیدا لە ۱۹۳۷ بە ناوی تیۆری نەریتی و رەخنەیی، کە دەشێ ئەم وتارە بە جاڕنامەی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەقەڵەم بدرێت، گوزارشت لە تیۆری نەریتی دەکات وەکو تێڕوانینێکی شاراوە یان راشکاوانەی زانستە سروشتییە مۆدێرنەکان کە لە

فەلسەفەی مۆدێرندا بە شێوەی پۆزیتیڤیزم/ ئێمپریسیزم (ئەزموونگەرایی) باسکراوە. هورکهایمەر زۆر نیگەرانە لە درەکردنی ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە تیۆر بۆ ناو زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان کە ببنە شوێنکەوتەی زانستە سروشتییەکان(41). کتێبە بەناوبانگەکەی هورکهایمەر و ئەدۆرنۆ (دیالێکتیکی رۆشنگەری) پڕە لە رەخنە لە پۆزیتیڤیزم. هەروەها هێربەرت مارکوزێ لە کتێبی ئەقل و شۆڕش تیۆری کۆمەڵایەتی دیالێکتیکی لە دژایەتیدا لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییە پۆزیتیڤیستییەکان دەخاتەڕوو. ئەو وەکو هورکهایمەر پێیوایە کە ئاراستەی فەلسەفەی پۆزیتیڤیزم ئەوەیە کە خوێندنەوەی کۆمەڵگا لەگەڵ سروشت یەکسان بکات(42). مارکوزێ هێرش دەکاتە سەر میتۆدی پۆزیتیڤیزم و فەیلەسوفانی زانست لە سەردەمی نوێ. ئەو پێیوایە کە زانستی ئەمرۆیی نەك تەنیا لەڕووی تیۆرییەوە بەڵکو لە ڕووی پراکتیکیشەوە لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێ تێکەڵکێش بووە(43). بە گشتی رەخنەکانی قوتابخانەی فرانکفورت لە پۆزیتیڤیزم لە سێ لایەنەوە بوو: یەکەم، ئەوەی کە پۆزیتیڤیزم ئاراستەیەکی نەگونجاو و گۆمڕاکەرە کە بە درککردن و تێگەیشتنێکی دروستی ژیانی کۆمەڵایەتی ناگات" دووەم، ئەوەی کە پۆزیتیڤیزم بایەخی تەواو دەدات یان دەپەرژێتە سەر ئەوەی کە پشتیوانی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەیی (موجود) دەکات و بە راستی دەزانێت و رێگرە لە گۆڕینی و دواجار لە رووی سیاسیشەوە خەمساردە" سێیەم، پۆزیتیڤیزم هۆکارێکی زۆر گرنگە لە پشتیوانی و بەرگری یان دروستکردنی فۆرمێکی نوێی باڵادەستی، واتە باڵادەستی تەکنیك و لە پەیوەندییەکی نزیکدایە لەگەڵی(44).

هابرماس رەخنە لە پۆزیتیڤیزم دەگرێت بەهەموو ئەو شێوانەی تییاندا دەردەکەوێت لە چوارچێوەی زانستی هاوچەرخ، چ لە رووی فۆرمە تایبەتییەکەی و ئەو ئاراستەیەی کە ئەم زانستەی پێوە ناسراوە یاخود لەو رووەوە کە ئایدیولۆجیایەکی سەربەخۆیە لە سەردەمی نوێدا(45). ناکوکی هابرماس لەگەڵ قوتابخانەی پۆزیتیڤیزم لە هەلوێستی ئەودا دەردەکەوێت لە بەرامبەر زانستە ئەزمونگەراکان و هەروەها ئەو رۆڵەی دەشێ بگێڕن لە کۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا. چونکە هەرچەند پۆزیتیڤیستەکان بەرگری لە ئەرکی بێلایەنانەی زانست بکەن لە کۆمەڵگای دیمۆکراسیدا و هەروەها بابەتیبوونی تەواوی میکانیزمەکانی ئەو ئەنجامانەشی کە لێی دەکەونەوە، هابرماس پێیوایە کە بابەتیبوونی ئەزموونیی زانستی خۆی رەگوڕیشەکانی لە ناخی ساتێکدان کەوا خودەکان ئامادەییان تێدا هەیە و کارلێك دەکەن لە میانەی زمانێکی هاوبەشەوە (46).

دەشێ بڵێین لە بەردەوامی رەخنەی هەموو قوتابخانە مارکسیستییەکاندا، هابرماس فراوانتر لەوانی دیکە کەوتووتە دژایەتی لەگەڵ پۆزیتیڤیزم، بەشێوەیەك کە یەکێك لەو تەوەرانەی بەشەکانی تیۆری ئەوو چەمکە کۆمەڵناسییەکانی پێکەوە دەبەستێتەوە، بیەوێ یان نەیەوێ ناوەڕۆکە رەخنەگرییەکەیانە لە پۆزیتیڤیزم(47).

کارڵ پۆپەر ئەو بنەما پۆزیتیڤیزمیەی لا پەسەند نیە کە سەلماندنی تیۆرەکان دەبێت بەهۆی تێبینیکردنەوە بێت. پۆپەر دەڵێت ئێمە ناتوانین بەهۆی تێبینیکردنەوە راستی تیۆرەکانمان بۆ دەرکەوێت، بەڵکو دەتوانین تەنها لە هەڵەی تیۆرەکان دڵنیابین بەهۆی تێبینیکردنەوە ، چونکە تەنها یەك بەڵگەی پێچەوانەی تیۆرەکە بەسە بۆ رەتکردنەوە، لە کاتێکدا بە چەند بەڵگەیەکی پشتراستکردنەوەی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت تا ئێستا تیۆرەکە هەڵە نییە(48).

چەند سەرچاوەیەکی دیکەی کلاسیك بەڵام گرنگ لە پەیوەندیدا بە رەخنەگرتن لە پۆزیتیڤیزم بەرهەمهاتن کە دیارترینیان کتێبی (هوشیاری و کۆمەڵگا) کە لە لایەن ستیوارد هیوز لە ١٩٥٨ بڵاوکرایەوە. بە گوتەی نووسەرەکە وەکو راپەڕینێك لە دژی پۆزیتیڤیزمی سەدەی نوزدە نووسراوە(49)، (خەیالی سوسیۆلۆجی) کە سی رایت میلز لە 1959، کتێبەکەی گۆلدنەر بەناوی (قەیرانی بەرێگاوەی سۆسیۆلۆجیای رۆژئاوایی) لە 1970.

ئەم سێ بەرهەمەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد لەلایەن کۆمەڵناسە بەناوبانگەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە نووسراون، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ باڵادەستبوونی پۆزیتیڤیزم لە دەیەی 1940 و 1950 بەسەر کایەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەو وڵاتە.

پۆزیتیڤیزمی ئەمریکی هەرچەند رەگوڕیشەکانی دەچنەوە سەر کارەکانی سان سیمۆن، کونت و ئەڵقەی ڤییەنا، بەڵام زۆر تەکنیکیتر و دژەتیۆریتر بوو و لە ساڵەکانی درەنگتردا ئەوە زیاتر بەدەرکەوت. لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیست، کونتگەرایی دژە میتافیزیکی لەگەڵ تەکنیکە ئامارییەکان ئاوێتەکرا تاکو پۆزیتیڤیزمی ئەمریکی بە مۆدێلێکی نوێوە دەرکەوێت. لەو سەردەمدا کەسانێك دەرکەوتن کە لایەنگری بەهێزی زانستە کۆمەڵایەتییە ئامارییەکان بوون. ئەوان لەو باوەڕەدابوون کە مەسەلە ئەخلاقی و سیاسییەکان پێویستە بگۆڕێن بۆ مەسەلە تەکنیکی و چەندایەتییەکان بە شێوەیەکی بێلایەنانە و تەکنیکیانە مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت(50) . لەم ماوەیەدا چەمکە تیۆرییەکان گۆڕان بۆ پرسیارنامە و پێوەرەکان. لەو توێژینەوەو وتارانەی بڵاودەکرانەوە هەوڵدەدرا هەموو شتێك لە خزمەتی گریمانەسازی، چەمکسازی و بەچەندایەتیکردندا بێت (51) .

لەتەك ئەو ئاراستە پۆزیتیڤیستییە لە ئەمریکا، قوتابخانەی شیکاگۆ هەبوو کە توێژینەوەکانیان چۆنایەتیبوون، هەروەها ئاراستەکانی کۆلی، مید و گارفینکل هەبوون کە زیاتر بایەخیان بە گوتەزاکانی زەین، کارلێك، رەفتارە رۆژانەییەکان و چەمکە تیۆرییەکانی دیکە دەدا کە ناچنە ناو چوارچێوەی پۆزیتیڤیزم. بەڵام کۆمەڵناسانی لایەنگری قوتابخانەی کۆلۆمبیا کە پێگەی سەرەکیی میتۆدە چەندایەتییەکان بوو، پۆزیتیڤیزمیان بە گونجاوتر و پڕبەرهەمتر

دەزانی. ئەم مشتومڕە لە نێوان ئەودوو بەرەیەدا لە ساڵەکانی دەیەی بیست دەستیپێکرد و دوو دەیەی خایەند. لەلایەکەوە لایەنگرانی جۆرێك لە فرەیی میتۆدۆلۆجی و لە لایەکی دیکەوە ئەوانەی خۆیان بە ئوپێرەشنالیست (العملیاتیە) ناوزەد دەکرد(52). هەڵبەت لە دواجاردا لایەنگرانی چەندایەتی کە ئۆپێرەشنالیستەکان بوون توانیان باڵادەستتربن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار بەتایبەتی پشتیوانی دامەزراوەی راکفیلەر و ئەنجومەنی توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە تەرخانکردنی گوژمەی مادی و راهێنانی ئاماری بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەو مەرجەی توێژینەوەکان تیۆری نەبن(53) هەروەها لەو نێوەدا رۆڵی پۆل لازارسفێلد یەکلاکەرەوە بوو. لە ژێر چاودێری ئەو و بە پشتیوانی ئەو میتودە چەندایەتییەکان برەوی زۆریان پەیدا کرد. ئەم جۆرە پۆزیتیڤیزمە بە پۆزیتیڤیزمی ئامرازی (Instrumental Positivism) ناودەنرێت(54). رایت میلز لە وەسفی ئەو توێژینەوانەدا دەڵێت: بە چاوپۆشی لە توێژینەوەکانی رێکلام و ئامرازەکانی راگەیاندن، رەنگە (رای گشتی) بابەتی زۆربەی ئەو توێژینەوانە بێت کە بەم شێوازە ئەنجام دەدران... چوارچێوەی ئەم توێژینەوانە پۆلینێکی سادەی ئەم پرسیارانە بوو: کێ دەڵێت، چی دەڵێت، بۆ کێی دەڵێت، بە چ ئامرازێکی راگەیاند و بە چ ئەنجامێك(55)؟هەروەها میلز رەخنەی زۆر لەو قوتابخانەیەو پێشڕەوە بەناوبانگەکەی لازارسفێلد دەگرێت. پێیوایە ئەمانە تێڕوانینێکی تاکلایەنانە لەبارەی جەوهەری میتۆدی زانستی پیادەدەکەن. دەنووسێت شێوازی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی کە من بە قوتابخانەی ((ئەزموونگەرایی ئەبستراکتی)) ناوی دەبەم بەزۆری ئەو هەوڵانە لەخۆ دەگرێت کە فەلسەفەی زانستە سروشتیەکان وەکو کانۆنێك بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو دەگرێت(56).

دێیڤد ویلەر و جودیت ویلەر لە کتێبەکەیاندا (ئەزموونگەرایی لە کۆمەڵناسیدا: رەخنە لە میتۆدە چەندایەتی و ئەزموونییەکان لە کۆمەلناسی هاوچەرخدا) کە سەرتاپای تەرخانکراوە بۆ رەخنەگرتن لە ئەزموونگەرایی و میتۆدە چەندایەتییەکان، لە دوا رستەکانی پێشەکییەکەدا دەڵێن تاکە رێگای چارەسەری، تەکامولی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستە ئەو میتۆدانە وەلاوەبنێین کە جیگیربوونە (هەڵبەت مەبەستیان میتۆدە چەندایەتی و ئەزموونگەراکانن) (57).

لە بەستێنی رەخنە لە توێژینەوە چەندایەتییەکان، کە لە دەیەی شەستی سەدەی بیست سەرپێکەوت و لە دەیەی دواتریش بەردەوام بوو، زاراوەی پۆزەتیڤیست بە سادەیی و بەبێ قایلبوون بە هیچ جۆرە جیاوازییەك لە لایەن زۆر لە نووسەرانەوە بەکارهات و لە راستیدا لە شێوەی وشەیەکی سوکایەتی ئامێز دەرکەوت(58).

لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان نارۆشنترین و کەم بەهاترین زاراوە بۆ دابەزاندنی بابەتی توێژینەوەی توێژەرێك کە بەکاربهێنرێت، بریتیە لە بەکارهێنانی چەمکی پۆزیتیڤیزم، هەتا لە زانستە پەتییەکانیش بەکارهێنانی پۆزیتیڤیزم دەلالەتێکی نێگەتیڤی هەیە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەس ناتونێت بە روونی ئەوە پیشانبدات کە ئایا پۆزیتیڤیزم ئاماژەیە بە شوێنگەیەکی فەلسەفی، تیۆری یان میتۆدۆلۆجی، چونکە وەکو بێرناند کۆهن دەڵێت بوون بە پوزەتیڤیزم یان ئەنتی پوزەتیڤیزم یان پۆست پۆزیتیڤیزم شتێکی زۆر ئاسایی و سادەیە(59). نیومانیش (٢٠١٤) دەڵێت ئەو بەکارهێنانە فراوانەی پۆزیتیڤیزم مانایەکی بۆ ئەم چەمکە نەهێشتۆتەوە و ئاماژەیەکی روون لەم چەمکە دەرناکەوێت، تەنها بۆ زۆر کەس ئەوە ئاشکرایە کە پۆزیتیڤیزم بوون شتێکی باش نیە.

## 5. میتۆدۆلۆجی

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە لە روانگەیەکی رەخنەییەوە. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پۆزیتیڤیزممان بەکارهێناوە وەکو چوارچێوەیەکی شکلی بۆ پۆلێنکردنی توێژینەوەکان، بەڵام لە ناوەرۆکدا ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین پۆزەتڤیزم وەکو روانگەی فەلسەفی و پارادایمی زانستی و میتۆدی توێژینەوە لەم توێژینەوانەدا رەنگیداوەتەوە، بۆیە هەرچەندە لە ئاستی شکلیدا بە پۆزیتیڤیزم ناویان دەبەین، بەڵام لە ئاستی ناوەڕۆکدا بە روانگەیەکی رەخنەیی هەڵیاندەسەنگێنین. توێژینەوەکە شیکردنەوەی زۆربەی ئەو نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرایانە لەخۆ دەگرێت لە ساڵی (2000) ەوە لە بەشەکانی کۆمەڵناسی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (سەلاحەددین و سلێمانی) نوسراون. لە واقعیشدا خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان بە گشتی دوای ئەو بەروارە پەڕەیسەند، لە کۆمەڵناسیش ژمارەیەکی زۆری نامەی ماستەر و دکتۆرا لە دوای ساڵی (2000) ەوە نوسراون. ژمارەی توێژینەوەکان کە دەستمان پییانڕاگەیشتوون (106) توێژینەوەن لەو ژمارەیەش (25) یان تێزی دکتۆران و (81) نامەی ماستەرن، لە هێلکاری ژمارە(1) دەردەکەوێت کە لەماوەی نێوان ساڵی 2009 تا 2011 زۆرترین نامەی ماستەر و دکتۆرای تێدا نوسراوە. ئەگەر بە گشتیش سەیری هێڵکاریەکە بکەین ژمارەکە بەشیوەیەکی بەردەوام روو لە زیادبوونە جگە لەوەی لە ماوەی نێوان 2011 تا 2014 کەمبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوەیش لەبەر ئەوەی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەڵاحەددین، کە زۆرترینی نامەی ماستەر و تیزی دکتۆرای تێدا نوسراوە، لەو ماوەیەدا راگیرا یان قوتابی کەمتری وەرگرت.

بە سود وەرگرتن لەو پێوەرەی کە هەردوو توێژەر سی دەیڤد گارترێل و جۆن یو گارترێل (2002) لە توێژینەوەکایاندا بۆ دیاریکردنی

تایبەتمەندیەکانی پۆزەتڤیزم لەو توێژینەوانەی کە لە گۆڤارە کۆمەڵناسیەکان بڵاودەکرێنەوە لە ئەمریکا و بریتانیا بەکاریان هێناوە، لەم توێژینەوەیەدا چەند تایبەتمەندییەك وەکو پێوەر بەکارهاتوون بۆ ناونانی ئەو توێژینەوانە بە پۆزیتیڤیزم ئەوانیش بریتین لە" توێژینەوەی چەندایەتی–وەسفی، چەمکسازی، پێناسەی کرداری، گریمانە و ئامانج، پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان، بەکارهێنانی ژمارە و تەکنیکی ئاماری بۆ شیکردنەوە. ئەم تایبەتمەندیانەش لە توێژینەوەکاندا بە پێی ئەم گۆڕاوانە دۆزراونەتەوە" جۆری توێژینەوە، میتۆد، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، شێوازی شیکردنەوە و خستنەرووی زانیاریەکان. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پۆزیتیڤزمان وەکو پارادایمێك بەکارهێناوە لەو روانگەیەوە هەروەکو هۆتچ (2002) دەڵێت هەنگاوی یەکەم لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا بریتیە لە خستنەرووی ئەو پارادایمەی کە توێژەر لە چوارچێوەیدا کار دەکات، بە مانایەکی تر خستنەرووی ئەو گریمانە و باکگراوندە تیۆریەیە کە چوارچێوەی توێژینەوەکە دادەڕێژن. بە ڕای هەندێك لە توێژەران بەبێ ناوبردن و دیاریکردنی پارادایم وەکو هەنگاوی یەکەم لە توێژینەوەدا بناغەیەك بۆ هەڵبژاردنەکانی توێژەر دروست نابێت لە رووی هەنگاوە میتۆدۆلۆجی دواتری وەکو میتۆد و ئەدەبیاتی پێشوو و دیزاینی توێژینەوەوە (60). هەروەها پۆنچ (2000) دەڵێت مەرج نیە لە توێژینەوەکاندا ئەم گریمانانە بە روونی بخرێنە روو، هەندێك کات ئەم گریمانانە شاراوەن لە باکگراوندی توێژینەوەکەوە دەردەکەوێن. بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین کە لە هیچ کام لەو توێژینەوانەی وەکو نموونە وەرگیراون بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ هیچ ئاماژەیەك بە پارادایم نەکراوە، بۆیە ئێمە تەنها لە ڕێگەی ئەو ئاماژە میتۆدۆلۆجیانەی لەم توێژینەوانەدا هەن ناوی پۆزیتیڤزمان بۆیان بەکارهێناوە، ئەگەرچی ئەگەر لە ناوەڕۆکەوە سەیر بکرێن ناونانی ئەم توێژینەوانە بە توێژینەوەی پۆزەتیڤیستی کارێکی قورسە، بەڵام ئێمە جگە لەو رەخنەیەی کە هەمانە لە بە پۆزیتیڤیستیکردنی کۆمەڵناسی لە هەرێمی کوردستان، هەوڵدەدەین لە ڕێگای شیکردنەوەیەکی رەخنەییەوە کەموکورتیەکانی ئەم توێژینەوانە لە پەیرەوکردنی بنەما و پرەنسیپەکانی پارادایمی پۆزیتیڤزمیش بخەینە روو.

## 6.ئەنجام و شیکردنەوەکان

### 1.6. چەمکسازی

چەمکسازی لە توێژینەوە چەندایەتیەکاندا بەشێکە لە پرۆسەی پێوانەکردن، ئەو چەمکانەی کە لە ناونیشان و پرس و گریمانەی توێژینەوە دروست دەبن لە رووی تیۆرییەوە وێنادەکرێن و رەهەندەکانی دیاریدەکرێن. چەمکەکان لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان ئاڵۆز و نەبینراو و فرەرەهەندن. ئەرکی توێژەر لە پێناسەکردنی چەمکەکان دۆزینەوەی ئەو ئاماژانەیە کە لە پێوانەکردنی ئەو چەمکانەی کە لە رووی پراکتیکەوە بە گۆڕاو ناودەبرێن و بەکاردەهێنرێن(61). دەتوانین بڵێین لە هەموو توێژینەوانەکاندا بەشێکیان تەرخانکردووە بۆ پێناسەکردنی چەمکەکان کە لە باسێکەوە تاکو بەشێکی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. لە ژمارەیەك لە توێژینەوەکان هەندێك چەمك پێناسەکراون کە پێویستیان بە پێناسەکردن نیە یان لە بنەمادا هەر چەمك نین وەکو (کاریگەری، ئاکام، قوتابخانە، ئافرەت ... )، یان لە هەندێك لە توێژینەوەکان ژمارەیەکی زۆر چەمك دیاریکراون (توێژینەوە هەیە 10 چەمکی ریزکردوون) کە لە لایەنی مەیدانیەوە بەکارنەهێنراون. هەروەها چەمك هەیە لە چەندین توێژینەوەدا دووبارە پێناسەکراوەتەوە (چەمکی رۆڵ کە لە زیاتر لە ٣٠ توێژینەوەدا دووبارەبۆتەوە). هەروەها زۆرجار هەست دەکرێت تەنانەت چەمکەکانیش یەکنەخراون، بۆ نموونە لە هەندێك توێژینەوەدا بەکۆمەڵایەتیبوون (لە ژێر کاریگەری Socialization) و لە توێژینەوەی دیکەدا پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (لە ژێر کاریگەری التنشئە الاجتماعیە) بەکارهاتووە یان ئاکام و ئاسەوار... سەرەڕای ئەوەی کە لە پێناسەکردنی چەمکەکاندا زیاتر بە رووکەشی پێناسەکراون، یان پێناسەی فەرهەنگی زمانەوانیان بەکارهێناوە کە نابێتە پێرستی (Index) ی پێوانەکردنی ئەو چەمکە لە رووی مەیدانیەوە. بە رای سینگلتۆن و سترەیتس (2005) پێناسەی فەرهەنگی بۆ مەبەستی توێژینەوە کافی نییە، چونکە جیاکاری ناکات لە نێوان وشە هاوواتاکان و ئاماژەی پێویست بە توێژەر نادەن تا لە پرۆسەی پێوانەکردندا بەکاریبهێنێت. بە پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی پێشوو پێناسەی چەمکەکانمان دەستدەکەوێت، بۆیە ئێمە وای دەبینین لە توێژینەوە کۆمەڵناسییەکانی هەرێمی کوردستاندا مامەڵەیەکی نادروست لەگەڵ چەمکەکان دەکرێت و ئەو بایەخدانە بە چەمکەکان کەمتر سوود بە توێژینەوەکان دەگەینێت. نووسین بەم شێوەیە لە بارەی چەمکەکان زیاتر لە نێو فەرهەنگە کۆمەڵناسییەکاندا باوە نەك توێژینەوە زانستییەکان.



## 2.6. ناونیشانی توێژینەوە

رەگەزێکی تری پۆزیتیڤیزمبوونی توێژینەوەکان لە ناونیشانی توێژینەوەکانەوە دەردەکەوێت. بە پێی بۆچوونی کرەوس (2005) پۆزەتڤیزم لە رووی ئیپستمۆلۆجیەوە بە دوای روونکردنەوە و پێشبینیکردنی رووداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگەرێت بەهۆی دۆزینەوەی تایبەتمەندی و یاسا دووبارەبووەکان و پەیوەندییە هۆکارییەکانی نێوان رەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەو دیاردانە. ئەگەر تەماشای ناونیشانی ئەو توێژینەوانە بکەین ئەم خەسڵەتەیان بە ئاشکرا تێدا دەردەکەوێت بۆ نموونە لە ناوونیشانی (38) توێژینەوەیان چەمکی رۆڵیان بەکارهێناوە (بە نزیکراوەیی لە ناونیشانی هەر سێ توێژینەوە یەکێکیان رۆڵی تێدایە، کە ئەمە حاڵەتێکە رەنگە لە هیچ شوێنێکی دیکە نموونەی هاوشێوەی نەبێت)، لە (12) ناونیشاندا وشەکانی هۆکار و گاریگەری هاتوون و لە (7) یان وشەی رەهەند بەکارهاتووە. واتە بە نزیکەی 54٪ یان بەرووونی ئەو چەمك و زاراوانەیان بەکارهێناوە کە گوزارشت لە جەوهەری پۆزیتیڤیزم دەکەن، هەروەها لە هەندێك توێژینەوەی تردا زاراوەی پەیوەندی و تایبەتمەندی و رەوش بەکارهاتووە. ئەمە جگە لەوەی لە گرفتی توێژینەوەکان و گریمانەکانیشدا چەمك و زاراوەی پۆزیتیڤیستی بەکارهاتوون.

وێنەی (٢) جۆری توێژینەوەکان بەپێی چەندایەتی و چۆنایەتی پیشاندەدات





## 3.6. جۆری توێژینەوە

خەسڵەتی پۆزیتیڤیزم بوون لە توێژینەوەکاندا بە تەواوی لەو رێژە زۆرەی توێژینەوە دەردەکەوێت کە بە چەندایەتی نوسراون و رێژەی 92٪ ی کۆی توێژینەوەکان پێکدێنن. چونکە توێژینەوەی چەندایەتی بەشێوەیەکی سەرەکی دەبەسترێنەوە بە تێروانینە پۆزیتیڤیزمیەکان لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتییدا(62). هەروەها تا دێت زیاتر بایەخ بە ئامار دەدرێت و هاوکێشە ئامارییەکان زیاتر دەبن لە ناو توێژینەوەکاندا. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە کەمتر توێژەرەکانمان دەتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەو هاوکێشە ئامارییانە بکەن و زیاتر پەنا دەبەنە بەر پسپۆرەکانی ئامار و کەمتریش دەتوانن ئەو پەیوەندی و کاریگەرییانە روونبکەنەوە، بۆیە تا دێت توێژینەوەکان وشکتر و بێروحتر دەبن. گرنگیدانی زۆری توێژینەوەکان بە پۆزیتیڤیزم تەنها پەیوەندی بە خودی تویژەرانەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بەو کەسانەشەوە هەیە کە لایەنی بریاردەرن لە هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان، چونکە وەکو سی دەیڤد گارترێل و جۆن یو گارترێل (2002) لە توێژینەوەکەیاندا ئاماژەیان بە رۆڵی تێروانینی سەرنووسەر و ئەندامانی بۆردی بڵاوکراوەکان کردوە لە زیاد یان کەمبوونی بڵاوبوونەوەی توێژینەوەی پۆزەتیڤیست لەو بڵاوکراوانە، ئەوەندەی توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە ئاگادارن لە کوردستانیش ئەو کەسانەی کە وەکو سەرپەرشتیار یان وەکو لیژنەی هەڵسەنگاندنی ئەو توێژینەوانە کاریان کردووە باکگراوندێکی کارکردنیان لە توێژینەوە چەندایەتیەکان بووە، جەختیان لەسەر خستنەرووی ئەنجامی توێژینەوەکان بەشێوەی ژمارە و خشتە کردۆتەوە، ئەم شیوازە لە توێژینەوە بە تەنها مۆدێلی زانستی تویژینەوە دانراوە. هەروەها ئەو خەسڵەتەی توێژینەوەی چەندایەتی و زۆر خەسڵەتی دیکەش لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵناسیی زانکۆی بەغداد گوازراونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە زۆربەی هەرە زۆری سەرپەرشتیار و وانەبێژەکانی میتۆدولۆجیا بەرهەمی ئەوێن و زیاتریش لە ژێر کاریگەری ئاراستەی ئیحسان محەمەد ئەلحەسن و هاوبیرەکانی دان، کە لە عێراقیش هاوشێوەی ئەمریکا ئاراستەی چەندایەتی بەسەر ئاراستەی چۆنایەتیدا باڵادەست بوو کە دیارترین نوێنەرەکەی عەلی ئەلوەردی بوو.

## 4.6. جۆری توێژینەوە بە پێی ئامانج

لە گرافیکی (3)دا دەردەکەوەێت کە بە رێژەی 93٪ توێژینەوەکان لە جۆری توێژینەوەی وەسفین. ئەمەش لەگەڵ ئەوەی روویەکی تری پۆزیتیڤیزمی توێژینەوەکانمان بۆ دەردەخەن لە هەمان کاتیشدا ئاماژەی ئەوەن سەرباری ئەوەی مێژووی دامەزراندنی یەکەم بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سلێمانی نزیك ئەبێتەوە لە نیو سەدە، بەڵام توێژینەوەکان لەرووی جۆرایەتیەوە لە جۆرە سەرەتاییەکانی توێژینەوەن. چونکە لە هەندێك رووەوە بەهای توێژینەوەی وەسفی لە ژێر پرسیاردایە، چونکە ئەم جۆرە توێژینەوانە بە گشتی لەو توێیژینەوانە بەکاردێن کە بوارێکی نوێن و توێژینەوەی پێشتری لەسەر نییە. خستنە ژێر پرسیاری توێژینەوەی وەسفی بە تایبەتی لە ئاستی دکتۆرادا هۆکاری مەنتقی خۆی هەیە، چونکە لەم قۆناغەدا توێژینەوە پێویستە زیاتر بێت لە تەنها وەسفکردن، چونکە مەعریفەی شیکاری خاوەن هێزێکی زیاترە وەك لە مەعریفەی وەسفی(63)

وێنەی (٣) جۆری توێژینەوەکان بەپێی ئامانج پیشاندەدات



## 5.6 بەکارهێنانی تیۆر

سەربارى گرنگى تیۆر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ئەنجامدانى توێژینەوەى کۆمەڵایەتى بە گشتى، ئامانجى پۆزیتیڤیزم وەکو پارادایمێکى زانستى لەتوێژینەوەدا بریتییە لە تاقیکردنەوەى تیۆرییەك یان وەسفکردنى ئەزمونێك بەهۆى تێبینیکردن و پێوانەکردنەوە لە پێناو پێشبینیکردن و کۆنترۆڵکردنى ڕووداوەکانى دەوروبەرمان(64). واتە یان لە چوارچێوەى تیۆرێك توێژینەوە دەکرێت یان توێژینەوەکە سەرەتاى سەرهەڵدانى تیورێك گەڵاڵە دەکات، چونکە بەبێ تیۆر یان مۆدێلێکى تیۆرى ناتوانین لە واقعى دەرەکى تێبگەین. ئێمە هیچ تێگەیشتنێکمان لەسەر واقیع بەدەرنیە لە تێگەیشتنێکى تیۆرى، دەتوانین راڤەى جیهانى دەرەکى بکەین بەهۆى بەکارهێنانى مۆدێل تیۆرییەکانمانەوە. میتۆدە زانستیەکان بە سروشتى خۆیان گریمانەى دانانى مۆدێلى سادە دەکەن بۆ تێگەیشتنى پرۆسە ئاڵۆزەکان(65). ئەگەر لەم گرنگیەوە تەماشا بکەین دەبینین (وەك ئەوەى لە گراف ٤دا دەردەکەوێت) لەگەڵ ئەوەى ڕێژەى 43٪ توێژینەوەکان تیۆریان بەکارهێناوە لە توێژیینەوەکاندا، بەڵام ئەم بەکارهێنانە بەو شێوەیە نیە کە کاریان لەسەر تاقیکردنەوەى گریمانەکانى تیۆرێك کردبێت، یان ئەنجامى توێژینەوەکان ببەستن بە تیۆرێکى دیاریکراو لەسەر ئەو بابەتەى توێژینەوەى لەسەر کراوە. تیۆر لەم توێژینەوانە بەشێوەیەکى روکەشى لەسەر بابەتەکان خراونەتەروو، چەند تیۆرێکى جیاواز لە یەکتر لەم توێژینەوانە باسکراون بە بێ ئەوەى ئەنجامگیریەکى مەنتقى لە نێوانیاندا کرابێت، لە هەندێك لە توێژینەوەکان نیو لاپەرە لەسەر تیۆرێکى دیاریکراو باسکراوە. ئەم جۆرە بەکارهێنانەى تیۆر لە توێژینەوەکەى جلیل کریمى (2013) کە لە سەر ئاراستەى پۆزیتیڤیزم لە ناو تویژینەوە کۆمەڵناسیەکان لە ئێران ئەنجامیداوە وەکو تایبەتمەندیەکى ئەو توێژینەوانە دیاریکراوە. ئەمە جگە لەوەى کە زۆرینەى توێژینەوەکان (57٪) بە هیچ شێوەیەك نەك لە چوارچێوەى تیۆرێك ئەنجام نەدراون، بەڵکو بە هیچ شێوەیەك باسى هیچ تیۆرێکى پەیوەست بە بابەتى توێژینەوەکان نەخراونەتەروو، کە ئەمە بۆ خۆى یەکێکە لە کەموکورییە گەورەکانى توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان لە بەشى کۆمەڵناسى. ئەزموونگەراکان لەهەڵسوکەوت لەگەڵ تیۆر لە پرۆسەى توێژینەوەدا بۆ دوو دەستە دابەش دەبن، گروپێك لەو باوەڕەدان کە ئەگەرچى تیۆر پێویست و خوازراوە، بەڵام بەهاو ئیعتیبارەکەى لە کۆتاییدایەو وابەستەیە بە سەرنجدان و تاقیکردنەوە. گروپەکەى دیکە لەبنەڕەتدا پێویستى تیۆرو تیۆرسێنى لە توێژینەوەدا ڕەتدەکەنەوە(66). لە بەشەکانى کۆمەڵناسى لە هەرێمى کوردستان لە هەردوو گروپەکە هەن.


جێگەى خۆیەتى ئاماژە بەوەش بکەین کە لە ئەنجامى دابەشکردنى توێژینەوەکان بەسەر دوو دەروازەى تیۆرى و مەیدانیدا زۆرکات هەست دەکەى هیچ شتێك ئەم دوو لایەنە بەیەکێکیانەوە نابەستێتەوە، بەتایبەتیش بەوەى کە شێوازى ناساندنى چەمکەکان و خستنەڕووى توێژینەوەکانى پێشوو بە جۆرێکە کە خزمەت بە لایەنى مەیدانى توێژینەوەکان ناکەن.



وێنەی (٤) خستنەڕووی تیۆر لە توێژینەوەکاندا پیشاندەدات

## 6.6 تاقیکردنەوەى گریمانە

پێشتر بۆمان دەرکەوت کە کەمتر لە نیوەى توێژینەوەکان باسى تیۆریان لە توێژینەوەکانیاندا کردووە، بەڵام لە گرافیکى ژمارە (5) دەردەکەوێت کە کەمتر لەو ڕێژەیەش گریمانەیان بە کارهێناوە کە ڕێژەى 21٪ ە. دەتوانین ئەمە ببەستینەوە بەو کەموکوڕیەوە کە ئەم توێژینەوانە هەیانە لە ناوەڕۆکى پۆزیتیڤیزم بوونیادا. سەرچاوەى سەرەکى گریمانە تیۆرەکانە، ئەگەر گرنگیدانى پێویست نەبوو بە تیۆر ئەوا ئاساییە گریمانەش بەو ئەندازەیە بوونى نەبێت لە توێژینەوەکاندا، چونکە بە پێى ئەو هێلکاریەى کە برایمان (2012) بۆ توێژینەوەى چەندایەتى دایناوە هەنگاوى یەکەم لە تیۆرە دەستپێدەکات و دواتر دانانى گریمانە دێت، واتە تیۆر و گریمانە گرێدراوى یەکترن لەم جۆرە توێژینەوانە. لەم ساڵانەى دوایدا بەهۆى کاریگەرى هەندێك لەو مامۆستایانەى لەبەشى کومەڵناسیدا وەکو خاوەن بڕیار لە میتۆدۆلۆجیاى توێژینەوە سەیردەکرێن، بە تایبەتیش لە ژێر کاریگەرى دەروونناسى و دەروونناسى کۆمەڵایەتیدا گریمانەى توێژینەوە گۆڕاوە بە ئامانجى توێژینەوە. واتە لە جیاتى تاقیکردنەوەى گریمانە هەوڵدەدەن ئەوە بسەلمێنن چەندە ئامانجەکان بەدى هاتوون.




وێنەی (٥) تاقیکردنەوەی گریمانە لە توێژینەوەکاندا پیشاندەدات

## 7.6 کۆکردنەوەى زانیارى

لە وێنەى ژمارە (6) دەردەکەوێت کە لە کۆى (106) توێژینەوە (95) یان پرسیارنامەیان بەکارهێناوە، ئەمە راستى ئەو بانگەشەیە پیشاندەدات کە ئێمە کردومانە دەربارەى پۆزیتیڤیزمبوونى توێژینەوەکان لە بەشەکانى کۆمەڵناسى لە زانکۆکانى هەرێمى


کورستان. هۆکاری ئەوەی ئێمە ئەو توێژینەوانەی کە بە پرسیارنامە داتایان کۆکردۆتەوە بە پۆزەتیڤیست ناودەبەین ئەوەیە لە توێژینەوەدا پۆزیتیڤیزم ئامانجی بەدەستهێنانی داتایەکە کە سەربەخۆ بێت لەو کەسەی داتاکە کۆدەکاتەوە، هەروەها کارتێکراو نەبێت بەهۆی ئەو هەلومەرجەی کە داتاکەی تیدا بەدەستدێت. لەبەر ئەوە پەرۆشی ئەوەن چاوپێکەوتنەك ان ستاندارد بکەن ئەویش بە هۆی ئەوەی کە هەموو ئەو کەسانەی چاوپیکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت هەمان پرسیاریان لێبکرێت بە هەمان ڕێگا و بە هەمان ریزبەندی، واتە پاش و پێشی پرسیارەکان نەکرێت لە چاوپێکەوتنێکەوە بۆ چاوپێکەوتنێکی تر. لەتەك ئەوەشدا بەشێکیان ئاماژەیان بە چاوپێکەوتنی ڕوو بە ڕوو (Face to Face) کردووە، واتە لە کاتی پڕکردنەوەی پرسسیارنامەکان خۆیان ڕوو بە ڕوو لەگەڵ نموونەکە پرسیارنامەکانیان پڕکردووتەوە. ئەم شێوازەش تەنها بە پرسیارنامە ئەنجامدەدرێت(67). لە هەموو ئەو توێژینەوانەی لە پاڵ بەکارهێنانی پرسیانامە باسیان لەوە کردوە کە لە کۆکردنەوەی زانیاریدا میتۆدی تێبینیکردن و چاوپێکەتنیان بەکارهێناوە، ئێمە بە دوای ئەوە گەڕاین کە بزانین داتای بەدەستهاتوو لە ڕێگای ئەو دوو میتۆدەوە چۆن بەکارهاتووە لە شیکردنەوەی زانیاریەکان، بەڵام لەهیچ کام لەو توێژینەوانە نە بە جیا نە لەگەڵ داتای پرسیارنامەکان هیچ ئاماژەیەك بە داتای چاوپێکەوتن و تێبینیکردن نەدراوە. بۆیە دەکرێت بڵێین تەنها وەکو شتێکی ڕۆتینی و شکڵی باسی بەکارهێنانی ئەو دوو میتۆدە کراوە، ئەو ژمارەیەش کە لە خشتەکە دەردەکەوێت کە (47) یان میتۆدی تیبینیکردن و (39) یان میتۆدی چاوپێکەوتنیان بەکارهێناوە بەو شێوەیە بەکارهاتووە کە باسمان کرد، تەنها شتێك کە ڕوویەکی زانستی بوونی ئەو بەکارهێنانە پیشاندەدات ئەوەیە کە ژمارەیەکیان ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەو میتۆدانەیان بەکارهێناوە بۆ پاڵپشتیکردن و دەڵەوەمەندکردنی پرسیارنامەکە و زیادکردنی ئاستی جیگیری و دڵنیایی پێوەرەکانیان.



وێنەی (٦) ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەکاندا پیشاندەدات

## 8.6.میتۆدی بەکارهاتوو

ئەگەر لە وێنەی (7) ورد ببینەوە، دەردەکەوێت کە سەرەڕای نادیقەتێکی زۆر لە ئاماژەدان بە بەکارهێنانی میتودەکان، بەوەی توێژەرەکان هەندێ کات ئاماژە بە بەکارهێنانی هەندێك میتۆد دەکەن کە ڕەنگە نەتوانی لە کتێبە میتۆدۆلۆجییە نوێیەکاندا بیاندۆزییەوە وەکو میتۆدی ئاماری یان شیکردنەوەی وەسفی ... هەروەها یەکلانەبوونەوەیان لە ناونانی میتۆدەکان وەکو ئەوەی کە لە هەمان توێژینەوەدا ئاماژە بەوە دەکات کە سوودی لە میتۆدی ڕووپێو و میتۆدی وەسفی وەرگرتووە. لەلایەکی دیکەوە دەبینین سێ میتۆد، ئەوانیش: ڕووپێو بە ڕێژەی ٧٦,٩٪ و بەراوردکاری بە ڕێژەی ٥٨,٧٪ و مێژوویی بە ڕێژەی ٣٦,٥٪ لە توێژینەوەکاندا بەکارهاتوون، کە بەکارهێنانی ئەم سێ میتۆدە بەم فرەوانییە ڕەنگە حاڵەتێکی دەگمەن بێت لە ئێستای توێژینەوە کۆمەڵناسییەکاندا، بەڵکو دەمانگەڕێننەوە بۆ سەردەمی دورکایم و ئەو کاتەی کە میتۆدۆلۆجیای کۆمەڵناسی لەسەرەتای گەشەکردنی خۆیدابوو و زیاتر ئاماژە بەو سێ میتۆدە دەکرا. جگە لە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی کە لەمڕۆدا میتۆدێکی یەکجار بەربڵاوە لە بەکارهێناندا، دوو میتۆدەکەی دیکە بەراوردکاری و مێژوویی بە دەگمەن نەبێت لە کتێبە نوێێەکانی میتۆدولۆجیادا وەك دوو میتۆدی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی چاویان لێناکرێت. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەوانەی میتۆدۆلۆجیا دەڵێنەوە و ئەوانەی سەرپەرشتی توێژینەوەکان دەکەن هەروەها توێژەرەکانیش کەمتر ئاگاداری ئەو بەرەوپێشچونانەن کە لە بواری میتۆدۆلۆجیادا ڕۆژانە بەدەست دێن. ئەگەر لە میتۆدەکانی دیکەش وردبینەوە وەکو ئیتنوگرافی و دیاردەناسی، سۆسیومەتری... ئەوا هیچ بەراوردێك ناکرێت لەگەڵ بەکارهێنانی میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی. جگە لەوە کۆمەڵێك میتۆد هەر ناویان نییە و کەس بەلایاندا ناچێت وەکو گراند تیۆری، شیکردنەوەی گوتار، ئەزموونگەرایی... بەم شێوەیە مامەڵەکردن لەگەڵ میتۆدەکانی توێژینەوە هەژاری بەشەکانی کۆمەڵناسی دەردەخات لە میتۆدۆلۆجیادا بە پلەی یەکەم و خەمساردی توێژەرەکان و دابڕانیان لە زانستی نوێ بە پلەی دووەم.



وێنەی (٧) میتۆدی بەکارهاتوو لە توێژینەوکاندا پیشاندەدات

## 7. ئەنجامەکان

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

– پارادایمی زاڵ لە توێژینەوەی کۆمەڵناسیی لە هەرێمی کوردستان، پاڕادایمی پۆزیتیڤیزمە، کە نزیکە لە مۆدیلی پۆزیتیڤیزمی ئامرازی، ئەوەی کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەیەکانی چل و پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەسەر کایەی زانستی کۆمەڵناسیدا زاڵ بوو. ئەوەی شایانی ئاماژەیە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان وەکو پێویست نەیتوانیوە پێداویستییەکانی توێژینەوە بەو مۆدیلە (پۆزیتیڤیزمی ئامرازی) جێبەجێ بکات و هێشتا نەگەیشتووتە ئەو ئاستە.

– توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێژەیەکی یەکجار بەرز کە زیاترە لە ٩٠٪ توێژینەوەی وەسفین. توێژینەوەی کۆمەڵایەتی نەیتوانیوە لە وەسفییەوە بگوازرێتەوە بۆ جۆری راڤەیی.

– ئاراستەی چەندایەتی بەتەواوی زاڵە بەسەر توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان و تا دێت هاوکێشە و ئامرازە ئامارییەکان زیاتر و زیاتر پەنایان بۆ دەبردرێت و توێژینەوەی چۆنایەتی هێشتا لە پەڕاوێزدایە و بە تەواوی سەرپێ نەکەوتووە.

– میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی، میتۆدی باڵادەستە کە دەکرێ بڵێین میتۆدی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستان یەکسانە بە میتۆدی رووپێو. هەروەها بە رێژەیەکی زۆر ئاماژە بە میتۆدەکانی مێژوویی و بەراوردکاری دەکرێت، کە ئەم سێ میتۆدە لە کونترین میتۆدە بەکارهاتووەکانن لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا و میتۆدە نوێیەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بەکارهێنانیان لە توێژینەوەکانداوەکاندا وەك ئەوە وایە بوونیان نەبێت.

– تیۆری کۆمەڵایەتی بە ڕێژەیەکی زۆر کەم ئامادەیی هەیە و بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی و دوور لە زانستیبوون لە توێژینەوەکاندا بەکارهاتووە. لە پەیوەندیدا بە تیۆرەکانەوە، گریمانە و تاقیکردنەوەی گریمانەش کە یەکێکە لە پێداویستییەکانی توێژینەوەی پۆزیتیڤیستی بە ڕێژەیەکی کەمتر لە تیۆریش ئامادەیی هەیە و مەیلێکی بەهێز لە نێو توێژەراندا هەیە بۆ گۆڕینەوەی گریمانە

## 8. پەراوێز و سەرچاوەکان

1 Delanty, G. (1997) Social Science beyond constructivism and realism.. Buckingham: Open University Press Google Scholar.

2 ساعي، علي (٢٠١٣)، عقلانيت دانش علمي روش شناسي انتقادي، تهران، نشر اطة

3 ازكيا مصطفي و استانة، عليرصا دربان (٢٠٠٣) روشهاي كاربردي تحقيق، جلد اول، تهران، انتشارات كيهان

4 كول، استيون (٢٠١٥) جامعةشناسي از ضة معضلي رنج مي برد، ت: عبدالحسين كلانتري، تهران، مترجمان

5 Silverman, D. (2013) Doing qualitative research: A practical handbook. Los Angeles, SAGE Publications Limited.

6 Bhatacherjee,2012

7 Neuman, L.W. (2014) Social research methods: Qualitative and quantitative approaches. 7th ed. Edinburgh, Pearson Education Limited.

8 Hatch, J.A. (2002) Doing qualitative research in education settings. Albany State University of New York Press

9 ابادي، مجيد توسلي ركن و شاه، محمد (٢٠١٤) درامدي بر تحول ثارادايمي معرفت و تكوين انطارة ثلوراليسم، فلسفة علم، ثذوهشطاه علوم انساني و مطالعات فرهنطي، سالَ ضهارم، شمارة اول، صص ٥٣–٨٥

10 كرسول، ٢٠١٢

11 توسلي و شاد، همان، ٢٠١٤

12 Guba, Egon. G., & Lincoln, Yvonna. S. (1994). Competing paradigms in qualitative research. Handbook of qualitative research, 2(163-194), 105

13 ESTERBERG, K. G. (2002) Qualitative methods in social research. Boston, McGraw-Hill.

14 مولف، الطاهر (٢٠٠٨) العقل الوضعي عند كونت، رسالة ماجستيرمقدمة الي كلية العلوم الانسانية والعلوم الاجتماعية، جامعة منتوري، قستنطينية.

15 Bhattacherjee, A. (2012) Social science research: principles, methods, and practices.2nd ed. Global Text Project

16 Smith, Mark J. (2003) social science in question. Lnodon,The open university.

17 Ibid

18 باتشيرجي، انول (٢٠١٥) بحوث العلوم الاجتماعية المباديء والمناهج والممارسات، ت: خالد بن ناصر ال حيان، عمان، دار اليازوري للنشر والطبع

19 كريمي، جليل (٢٠١٢) ثوزيتيويسم و جامعةشناسي ثذوهشي دربارة جامعةشناسي در ايران، كرمانشاه، انتشارات دانشطاه رازي

20 فرانكفورت–ناشمياز، شاظا و داظيد ناشمياز (٢٠٠٤) طرائق البحث في العلوم الاجتماعية، ت: ليلي الطويل، دمشق، بترا للنشر والتوزيع

21 امزيان، محمد محمد (٢٠٠١) روش تحقيق علوم اجتماعي، ت: عبدالقادر سواري، قم، ثذوهشكدة حوزة دانشطاه و المعهد العالمي للفكر الاسلامي

22 Della Porta, D. and Keating, M. eds. (2008) Approaches and methodologies in the social sciences: A pluralist perspective. Cambridge, Cambridge University Press.

23 ساعي، همان، ٢٠١٣

24 Gartrell, C.D. and Gartrell, J.W. (2002) Positivism in sociological research: USA and UK (1966–1990)
1. The British journal of sociology, 53(4), pp.639-657.

25 Hatch, J.A, Op Cit, 2002

26 Hughes, John (1980) The philosophy of social research. New York , Longman group Limited

27 فتحي، حسن و غريبي، سكينه (٢٠١٢) ثوزيتيويسم منطقي و ميتافيزيك ايا اموزةهاي ثوزيتيويسم منطقي توانست ميتافيزيك را كنار بزند، دو فصلنامة علمي–ترويجي علامة، سالَ دوازدهم، شمارة ثياثي ٤٠، صص ١١٧–١٤٢

28 Heidtman, J., Wysienska, K. and Szmatka, J. (2000) Positivism and types of theories in sociology. Sociological Focus, 33(1), pp.1-26

29 شاهرودي ، سيد حسيني مرتضي (٢٠١٣) معرفي و نقد ثوزيتيويسم منطقي، الهيات و حقوق، شماره 7 و 8، صص ١٢٧–١٧٤

30 ولباني، ماليكا (٢٠١٣) حلقة ڤيينا، ت: علي بو ملحم، بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع

31 المصدر نفسه

32 توانا، محمد علي (٢٠١٤) ثارادايم واقعطرايي انتقادي در فراسوي اثبا تطرايي و هرمنوتيك: به سوي روششناسي ميان رشتةاي، فصلنامه مطالعات ميان رشتة اي در علوم انساني، دوره هفتم، شماره 1، صص 56 – 27

33 Hatch, Op Cit, 2002

34 صادقي، رضا (٢٠١٥) نقد كوهن بر تجربةطرايي، فلسفة علم، ثذوهشطا ه علوم انساني و مطالعات فرهنطي، سال ثنجم، شمارة اول، صص ٥٣–٧٧

35 توانا، همان، ٢٠١٤

36 كريمي، همان، ٢٠١٢

37 كنوبلاخ، هوبرت (٢٠١١) مباني جامعةشناسي معرفت، ت: كرامت الة راسخ، تهران، نشرني

38 جدنز، انتوني (٢٠٠٩) الراسمالية والنظرية الاجتماعية الحديثة تحليل كتابات ماركس ودوركهايم وماكس ظيبر، ت: اديب يونس شيش، دمشق، الهيئة العامة السورية للكتاب

39 كريمي، همان، ٢٠١٢

40 ماس، هاينس (٢٠١٤) تاريخ جامعةشناسي، ت: عباس محمدي اصل، تهران، انتشارات حق شناس.

41 Bottomore. T. B. (2002) The Frankfurt School and Its Critics, London, Routledge

42 Ibid

43 انتاير، السدر مك (٢٠٠٨) ماركوزة، ت: حميد عنايت، ضاث ٤، تهران، شركت سهامي انتشارات خوارزمي

44 باتومور، تام (٢٠١٤) مكتب فرانكفور، ت: حسينعلي نوذري، تهران، نشرني

45 بلكفيف، سمير (٢٠١٤) الفلسفة الألمانية والفتوحات النقدية، قراءات في استراتيجيات النقد والتجاوز، بيروت، جداول

46 المصدر نفسه

47 متقي و عبداللهي، ٢٠١٢, پوزیتیویسم منطقی و موضع انتقادی هابرماس بر آن، مطالعات توسعه اجتماعی ایران. سال پنجم – شماره 2 . ص 7 تا 16

48 Gray, D.E. (2013) Doing research in the real world. Los Angeles, Sage

49 اشتياني، منوضهر (٢٠٠٩) درامدي بةبحران جامعةشناسي جهاني معاصر، تهران، ثذوهشطاه مطالعات فرهنطي و اجتماعي

50 كريمي، همان، ٢٠١٢

51 حيدري، آرش (٢٠١٥) برآمدن و بازتوليد ثوزيتيويسم ايراني: مطالعةاي در تاريخ جامعةشناسي ايران، كتابهاي ثروبلماتيكا

52 مرتضي مرديها، ٢٠٠٣، فضيلت عدم قطعيت در علم شناخت اجتماع، تهران: انتشارات طرح نو

53 كريمي، همان، ٢٠١٢

54 توانا، همان، ٢٠١٤

55 ميلز، سي. رايت (١٩٨٧) الخيال السوسيولوجي، ت: صالح جواد الكاظم، بغداد، دار الشؤون الثقافية العامة

56 اشتياني، همان، ٢٠٠٩

57 ويلر، ديويد و ويلر، جوديت (٢٠٠١) تجربةطرايي در جامعةشناسي، ت: حسن شمس آوري، تهران، نشر مركز

58 برايمن، الن (٢٠١٠) كميت وكيفيت در تحقيقات اجتماعي، ت: هاشم اقا بيط ثوري، تهران، جامعةشناسان

59 Heidtman, Joanna, Kinga Wysienska, and Jacek Szmatka. (2000). Positivism and types of theories in sociology. Sociological Focus, 33(1), 1-26

60 Mackenzie, and Knipe, 2006

61 Henn, M., Weinstein, M. and Foard, N. (2005) A short introduction to social research. London: Sage Publications LTD.

62 Ibid

63 Punch, Keith, (2000) Developing Effective Research Proposals Essential Resources for Social Research. London, Sage Publications LTd.

64 Mackenzie, and Knipe, 2006(

65 Heidtman et al, Op Cit, 2000

66 ازكيا و استانة، همان، ٢٠٠٣

67 Gilbert, Nigel (2006) Researching social life. 2nd ed. London, SAGE publications LTD.

## الاتجاه الوضعي و علم الاجتماع في اقليم كوردستان

**الملخص:**

ان هذا البحث يتناول الاتجاه المسيطر لعلم الاجتماع في اقليم كوردستان، وبحسب الفرضية الاولية هو الاتجاه الوضعي. ولغرض اختبار هذه الفرضية فان هذا البحث يتحقق من منهجية كل تلك الرسائل الماجستير والاطروحات التي قدمت لكلا قسمين علم الاجتماع في جامعتي صلاح الدين والسليمانية خلال العقدين المنصرمين. واستند الباحثان الي المعايير والمقاييس التي وضعت من قبل المختصين في مجال المنهجية العلمية للعلوم الاجتماعية. وتبين ان اغلبية الابحاث هي ابحاث المسحية الكمية التي استخدم فيها لغة الاعداد وان اسلوب المسح الاجتماعي استحوذة علي العملية البحثية في الاقسام المشار اليها سلفا. غير ذلك نلاحظ ان اغلبية هذه الابحاث ليست لها اطار نظري وتلك التي استخدم فيها النظريات الاجتماعية، فان استخدامها ليس واضحا، ولا نجد تطبيقا صحيحا للنظريات من الناحية المنهجية. وحاولنا القاء الضوء علي مستوي مراعاة هذه الابحاث لمتطلباة الطريقة الكمية حسب المنهج الوضعي، ولكن لم نجد الخطوات العلمية للوضعية كنموذج معرفي (البارادیغم)، وفي النتيجة توصلنا الا ان علم الاجتماع في جامعات اقليم كوردستان من الناحية المنهجية لا يزال في مراحله الاولي ومازال امامه مسيرة طويلة.

**الكلمات الدالة:** المنهجية، الاتجاه الوضعي، المنهج الوضعي، علم الاجتماع.

## Positivism Approach in Sociology in Kurdistan Region

**Abstract:**

This study tries to present a dominant approach in sociology in Kurdistan region which according to a primary presupposition is positivism. The study aims to examine this assumption through those dissertations and PhD thesis which have been carried out during two last decades in department of sociology in both university of Sulaimani and Salahaddin university. In result, it appears that the majority of the researches are quantitative, survey is the most widely used data-gathering technique and mostly they employed the language of variable and number. By these characteristics described above positivism can be named as a dominant approach. There is no clear theoretical framework in the researches that drive the research process and interpretation of resulting findings, Although, few claimed to follow structural functionalism, but it cannot be seen a methodological reflection of the theory nor the scientific steps which they derive form positivism as a paradigm. In this research, we also shed light on the extent to which the researches meet the necessary requirements of quantitative method. It also makes clear that in Kurdistan region sociology has not exceeded its early step yet.

**Keyword:** Methodology, Positivism, Paradigm, Sociology.